سەید حەکیم و سەرۆککۆمار پێویستی یەکخستنی هەوڵەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕکابەری□□ ئابووری و داراییەکان دووپات دەکەنەوە



بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزە نیشتمانییەکانی دەوڵەت ل□ نووسینگەی خۆی ل□ بەغدا پێشوازی لە فەخامەتی سەرۆککۆمار بەڕێز نەزار ئامیدی کرد لەم دیدارە بیروڕا ئاڵوگۆڕ کرا سەبارەت بە پێشهاتەکانی دۆخی سیاسی عێراق و ئەو ڕکابەریانەی لەم قۆناغە ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

سەماحەتی حەکیم و فەخامەتی سەرۆك داوایان کرد هەموو هەوڵەکان چڕ بکرێنەوە بۆ ئەوەی ئەو ڕکابەریانە تێپەڕ بکرێن بە تایبەتی لەسەر ئاستی دارایی و ئابووری ڕوونیشکردەوە کە پێویستە سوود لە وانەکانی ئەم قەیرانە ورەبگرین لەپێش هەموویان بەرهەمهێنانی نەوت کە دەبێت زیاتر بکرێت و دەروازەکانی هەناردە کردنیش فرە بکرێت و ئابووری هەمە چەشن بێت و واز لە دەوڵەتی تاکە داهات بهێنین و دووپاتی کردەوەش کە عێراق توانای گەورەی هەیە کە بەهۆیەوە دەتوانێت ئابووریەکی فرە بنیات بنێت بۆ ئەوەی مافەکانی کەسەکان و نەوەکانی داهاتووش بپارێزێت.

دەربارەی کابینەی حکومەت هەردوو جەختیان کردوە لەسەر گرنگی یەکلایی کردنەوەی بژاردەکانی کوتللە سیاسییەکان و پێدانی متمانە بە کەسایەتی کارامە کە توانای هەبیت وەزارەتەکان بەڕێوە ببات و ڕکابەرییەکان بۆ هەلی سەرکەوتن بگۆڕێت.
لەکۆتاییدا سەماحەتی جەختی کردەوە لەسەر پێویستی پابەندبوون بە دەستوور و گوتی عێراق نابێت ببیتە دەروازەیەك بۆ ه□□□شکردن لە ولاتانی دراوسێ و پێویستە عێراق بنەمای کرانەوە بەڕووی هەمووان پەیڕەوی بکات بەپێی بەرژەوەندی خۆی و پاراستنی سەروەری وڵات.